**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

# ڕەخنەی عەقڵی چەقبەستوو: خوێندنەوەیەکی هێرمینیۆتیکی بۆ شیعری مەحوی

**یادگار لەتیف شارەزووری**[I]

پرۆفسۆری زمان و وێژەی عەرەبی، زانکۆی سەلاحەدین

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۱۳ خرداد ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۱۷ شهریور ۱۳۹۸؛ صص ۱۳۵-۱۵۸

**چکیده**

بیان عمیقا شاعرانه، تنوع دیدگاه‌ها، بازگذاشتن دست خواننده در خوانش به منظور تعامل با او، پیوند متن با زندگی واقعی از جمله مشخصه‌های شعر محوي است. هدف اولیه‌ی او بازنمایی دنیای پیرامون در شعر است؛ همچنین تلاش کرده است که از ذهن ایستا انتقاد کند و خود نیز از آن دوری گزیند. علی‌رغم این‌که محوی شاعری دین‌مدار است، اما نه تنها از واقعیت زندگی غافل نشده است، بلکه با روشن‌بینی و روح متعالی خود سعی کرده است که در جنبه‌های گوناگون از زندگی واقعی بهره بگیرد و قدردانی خود را از زندگی به نمایش بگذارد. این مطالعه شامل سه موضوع است: بخش اول به مفاهیم اصلی نظیر خرد ایستا و مفهوم تفسیر اختصاص یافته است؛ بخش دوم که درباره‌ی انتقاد از خرد ایستا است، دارای دو زیرمجموعه است: یکی پیامدهای خرد ایستا و دیگری پریشانی خرد ایستا است؛ بخش سوم نیز که به بحث افق انتظار و افق حرکت اختصاص داده شده، از دو زیرمجموعه تشکیل شده است: انحراف متنی و چشم‌اندازهای زیبایی‌شناسانه‌ی شاعر است.

**واژگان کلیدی:** خرد ایستا، نقد، خوانش هرمنوتیکی، محوی

**کورتە**

قووڵی و ئاستفرەیی و ڕوانگەی هەمەچەشنە و بوارهێشتنەوە بۆ خوێنەر لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی شیعری مەحوین، کە لە ڕێیانەوە هەوڵی داوە دنیابینی خۆی نمایش بکات و بەگژلادانی فیکر و عەقڵی چەقبەستووی باودا بچێتەوە. سەرەڕای ژێرخانە عیرفانییەکەی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تین و جوانبینی و ڕۆحبالآیی عیرفانی وەگەڕ خستووە بۆ سودگەیاندن بە واقیعی ژیاو لە ئاستە جیاوازەکانیدا. ئەم توێژینەوە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چەمکە دامەزرێنەرەکانی وەك «چەمکی عەقڵی چەقبەستوو» و «چەمکی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی». بەشی دووەمیش کە ڕەخنەی عەقڵی باوی چەقبەستووە، لە دوو تەوەر پێكهاتووە: یەکەمیان دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستووە، دووەمیانیش هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەقبەستووە. هەرچی بەشی سێیەمیشە «ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆك» لە دوو تەوەر پێكهاتووە؛ ئەوانیش «لادانی دەقی» و «دووریی ئێستاتیکایی»ن.

**وشە سەرەکییەکان:** عەقڵی چەقبەستوو، ڕەخنە، هێرمینیۆتیکای ئەدەبی، مەحوی

[I]yadgar.jamsheer@su.edu.krd

## ۱- پێشەکی

دونیابینییەکی قووڵ و خۆ نەخزانە ناو چەمکە سواو و چەقبەستووەکانی ڕۆژگارەوە، لە دوو توێی دەربڕینێکی ئێستاتیکایی بەرز و باڵادا، لە هەرە تایبەتمەندیە دیارەکانی تێکستە شیعریەکانی مەحوین. ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و عیرفانی و بەرچاوڕوونییەکی ئەدەبی زیندوودا نمایش کراون. لەم سۆنگەیەوە توێژەر مەبەستییەتی ئەو ڕەهەند و بەریەككەوتنانە بخاتە ڕوو، کە مەحوی لە چالاکیيە داهێنەرانەکەیدا لە دژی عەقڵی چەقبەستووی باو دایمەزراندووە و عیرفان و ژیانی پێکەوە گرێداوە. مەحوی لە شیعرەکانیدا لەگەڵ دوو کایەی سەرەکیی پێکەوە گرێدراوەوە هەڵسوکەوتی کردووە. یەکەمیان لایەنی ئێستاتیکایی پەتییە، کە توانیویەتی لە ڕێیەوە کۆمەڵێك دەقی ئاستبەرزی زمانپاراوای پڕواپڕ لە بەهای هونەری پێشکەش بکات. دووەمیان لایەنی بابەتییە کە لە ڕێگایەوە و لە چوارچێوەی ئاستە ئێستاتیکاییە بەرزەکەیدا پەیامی وریاکەرەوە و بەرچاوڕوونکەرەوەی بۆ خوێنەرەکانی ناردووە. لێرەوە دەبینین لە ناو تێکستەکانیدا لە تێڕوانینی شاعیرانە و عاریفانەی خۆیەوە گرفتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای دیاریکردووە. چەمکی دینداری ساختەی بەرپەرچ داوەتەوە و ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئاییندارى بریتی نییە لە وازهێنان لە ژیان، یان خۆ خەریك کردن بە ڕووخسار و ڕووکەش، بەڵکوو لە تێڕوانینی مەحوییەوە ئاینداری بە واتای ژیاندۆستی و ڕزگارکردنی مرۆڤ دێت لە دواکەوتوویی، لە ڕێگەی ڕزگارکردنی عەقلییەوە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە عیرفانی مەحوی، عیرفانێکی دوورەپەرێزی گۆشەگیر نییە، بەڵکوو عیرفانێکی ئاوێتەبووە بە ژیان و چارەنووسیی تاك و کۆمەڵگاوەیە.

ژیاندۆستی و ئاوێتەبوون بە ڕەهەندە هەمەچەشنەکانی ژیان، وای لە مەحوی کردووە پانتاییەکی گەورەی تێکستە شیعرییەکانی تەرخان بکات بۆ بەگژداچوونەوەی عەقڵی دۆگمای خۆسەپێنەر، کە بە ناوی ئایینەوە ویستوویەتی بەرژەوەندی کەسی بە دەست بهێنێت و ئایین بکاتە ڕاڕەوی بەرژەوەندی خوازی خۆی. لەو کاتەی کە کۆمەڵگە دووچاری دووفاقیی و دارمانێکی گەورە بووەوە لەسەر دەستی چین و توێژی بە ناو زاهید و واعیز و سۆفی و شێخەوە، سەرەڕای ئەوەی کە خودی خۆی ئەندامێکی دیاریان بووە، بەڵام ئەمە وای لێنەکردووە کە پەردە هەڵنەماڵێت لەسەر لادانەکانیان، بەڵکو بە هۆی دڵسۆزیی و تواناداری زانستییەوە توانیویەتی خۆی داماڵێت لە ڕەوتی باوی چەقبەستوو. چونکە سەرەڕای ئەوەی مەحوی عارفێکی مەزن بووە، لە هەمان کاتدا زانایەکی گەورەش بووە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە عارفی و ڕۆچوون لە خۆشەویستی خودادا بێ پشتبەستن بە زانیاریی دروست و تەواو نایەتە دی. گرێدانی لایەنی زانست و لایەنی عیرفان و خۆشویستنی خودا وای لێکردووە کە زانایەکی ڕاستگۆی مرۆڤدۆستی

ژیاندۆست بێت. ئەم فرەڕەهەندیە تێکستە شیعرییەکانی مەحوی وا لێدەکات چەندین خوێندنەوە هەڵبگرێت و لە چەندین ڕوانگەوە شەن و کەوی دەقەکانی بکرێت.

سەرچاوەی ئەم توێژینەوە تێکستە شیعرییەکانی مەحوین، کە پاش خوێندنەوە و تێڕامان لێیان؛ توێژەر هەڵدەستێ بە شەن و کەوکردنی لایەن و ڕەهەندەکانی ئەم ئاڕاستە هزریە ئەدەبییەی مەحوی. بە سوود وەرگرتن لە چەمکەکانی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی نوێ کە بە زەقی لەسەر دەستی فەیلەسوف و توێژەرانی سەر بە قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی سەری هەڵدا، بە تایبەتی لە لای شلایماخەر کە توانی ئاراستەی هێرمینیۆتیکا لە کارکردن بە تەنها لەسەر کتێبی پیرۆز بەرەو تێکستە ئەدەبیەکان و توێژینەوە ڕەخنەییەکان بگۆڕێت. توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چەمکە دامەزرێنەرەکانی وەك «چەمکی عەقڵی چەقبەستوو» و «چەمکی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی». بەشی دووەمیش کە سەبارەت بە ڕەخنەی عەقڵی باوی چەقبەستووە، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: یەکەمیان دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستووە کە لەو دەرهاویشتە و ئەو بارە نەشیاوە دەکۆڵێتەوە کە لە پەكخستنی هۆش و هزرەوە دەکەوێتەوە. دووەمیان هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەقبەستووە. لێرەدا مەحوی توانیویەتی پاش دیاریکردنی ئاریشەی پەکخستنی عەقڵ و هزر، پایەکانی ئەو هزرە دۆگمایانە لە ڕوانگە ئەدەبی و عیرفانیەکەیەوە هەڵوەشێنێتەوە. هەرچی بەشی سێیەمیشە «ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆك»، ئەوا تەرخانکراوە بۆ ئەو شێوازە جوانیناسانە باڵانەی کە مەحوی پشتی پێبەستوون بۆ دەربڕینی دونیابینی و بەرجەستەکردنی ڕوانگە عیرفانییەکانی لە بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باودا، لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە؛ ئەوانیش «لادانی دەقی» و «دووریی جوانیناسانە»ـن.

## ٢- چەمکە دامەزرێنەرەکان

### ٢-١- عەقڵی چەقبەستوو

مەبەست لە عەقڵی چەقبەستوو، داخران و سوڕانەوەیە لە دەوری خوددا و نەکرانەوەیە بە ڕووی کایە مەعریفییە هەمەلایەنەکان و بەرپەرچ دانەوەی کرانەوەی زانستییانە دەگەیەنێت. لێکۆڵینەوە لە بوونی مەعریفە و سنوورەکانی، جگە لەوەی باسمان کرد، تێڕامان لە توانایی مرۆڤ و وردبوونەوە لە توانایی پەیبردنی بە دیاردەکان و پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی لە خۆ دەگرێت کە ئایا لە تواناییدایە بگاتە هەموو ڕاستییەکان؟ ئایا لە تواناییدایە دڵنیایی مەعریفیی دەستکەوێت؟ کانت، فەیلەسوفی دامەزرێنەری «قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی»، دیارترین بیرمەندە کە کاری لەسەر چەمکی عەقڵی چەقبەستوو و ئاکارە بەدەکانی کردووە. کارەکەشی بە

«فەلسەفەی ڕەخنەیی»[1] ناسێنرا، کە ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە فێرگە و ڕاڕاوە فەلسەفییەکانی دیکە و باوەڕەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە. کانت بۆ ئەم مەبەستە سێ پەرتووکی بەم ناوەوە نووسیوە: «ڕەخنەی عەقڵی پەتی»، «ڕەخنەی عەقڵی پراکتیك» و «ڕەخنەی دەستەواژە، یان حوکمدان» (کەمال، ۲۰۱۷: ۳۵۸).

کانت هەستا بە بەرپەچدانەوەی تێڕوانینی تاك لایەنانەی بیری دۆگمایی کە ناوی «دابڕان» یان «ڕەوتی یەقینی» لێنا. کانت ئەو جۆرە مەعریفە فەلسەفییە یا خود گشتیەی کە بێ‌گومان کردن و لێبێچینەوە، مەعریفە و زانیاری وەردەگرێت و بە توندی دەستی پێوە دەگرێت ناونا بە «دۆگمایی». وشەی دۆگما بۆ ئەو کەسە بە کار دێت کە دەمارگیرە بەرامبەر بیر و بۆچوونی خۆی و گفتۆگۆی قبوڵ نییە. بەو کەسە دەوترێت کە بڕوای وایە خاوەنی ڕاستی و ڕاستەقینەیە. ئەمەش وای لێدەکات کە دەستی لێنەهەڵنەگرێت و بیر لە بوونی جۆری تری مەعریفە و زانیاری نەکاتەوە. لە تێڕوانینی فەلسەفیدا ڕەوتی دۆگمایی باوەڕداری کوێرانە یان یەقینی، بریتییە لەو ڕەوتەی کە پەیڕەوانی وای دەبینن کە مرۆڤ لە توانایيدایە بگاتە هەموو ڕاستییەکان، یا خود ڕاستی ڕەوا بە دەست بێنێت، یان بەلای کەمەوە لە توانایيدایە دەستی بگاتە بەشێکی زۆری ڕاستییە تەواوەکان. ئەوان باوەڕی تەواویان بە عەقڵ هەیە و پێیان وایە کە توانای مرۆڤ لە بەدەستهێنانی مەعریفەدا و لە دۆزینەوەی ڕاستیدا بێ بەربەست و سنوورە. کانت ئەم توانادارییەی عەقڵی لە سێ پرسیاردا کورت کردەوە: دەتوانم چی بزانم؟ دەتوانم چی بکەم؟ بۆم هەیە ئومێدی چی بخوازم؟

لە بەرامبەر چەمکی «ئازادکردنی عەقڵ»دا لە لای بەیکۆن و دێکارت، کانت چەمکی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی داهێنا. مەبەستیش لە «ڕەخنەگرتن لە عەقڵ» زانینی ئەو پرەنسیپانەیە کە بڕیاردانەکانمانی لەسەر دادەمەزرێت. بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەینە ڕاستی، بەڵام ڕاستیی ڕەها نا، بەڵکوو تەنها ڕاستیی ڕێژەیی. بۆیە ڕەوتی کارکردنی خۆی ناونا ڕەوتی ڕەخنەیی کە پیشاندانی سەرچاوەکانی مەعریفە و مەرجەکانی هاتنەدییان و لادانی کۆسپ و تەگەرەکان لە بەردەم عەقڵدا لە هەرە کارە لە پێشینەکانییەتی(کنط، ۲۰۱۳: ۲۷ و ۹۰ - ۹۲). کانت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خاڵی دەستپێکی هەموو ئەو زانیاریانەی لە لامانە بریتییە لە ئەزموونی هەستی. چونکە ئەوەی دەمانجووڵێنی و سەرچاوەکانی «پەیپێبردن» یا خود «هێزە زاناکەمان» لە لا دەهەژێنێ، بە تەنها بریتییە لە شتەکان یا خود ئەو بابەتانەی کە کاریگەری لەسەر هەستەکانمان دروست دەکەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کانت، هەروەکوو هەستگەرا و ئەزموونگەراکان، پێی وابێت سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانمان بە تەنها ئەزموونی هەستی بێت، بەڵکوو ئەو پێی وایە کە زانیاری پێشینەی سەرەبەخۆ هەن کە بە تەواوەتی سەربەخۆن و لەسەروی ئەزموون و

[1] Critical Philosophy.

هەستەوەن و پێشیشیان کەوتوون. کانت ئەم جۆرە زانیارییانەی ناوناوە «ترانسێندینتاڵ = بەرزوەستان»،[١] ئەم زانیارییە پێشترانە پێویستن بەو واتایەی کە خاوەن ئەنجامی یەکلاکەرە و گشتین و دیاریکردن و تایبەتمەندی تێدانیە (عبدالجبار، ٢٠٠٣: ٣١-٣٢ و ٩٠-٩٢).

بە پێچەوانەی دێکارتەوە، کانت پێی وایە ئەم زانیارییە پێشترانە بریتی نین لە بیرە خۆڕسکەکانمان (الأفكار الفطرية) (بیتر، ٢٠٠١: ١٠٥). هەروەها بریتی نین لە ڕووناکییە خۆڕسکەکان، بەڵکوو زانیاری لە پێشینە یا خود پرەنسیپە پێشوەختە کانتیەکان مەرجی سەرەکیی گشتگیرەگەر هاتوو بووە هەستیەکانی لەگەڵدابێت و لە ڕێیەوە لە ناو عەقڵدا هەموو زانیارییە زانستییەکان دروست ببن. لەو پرەنسیپە عەقڵییە پێشینانەی کە کانت پێی وابوو لە ناو عەقڵماندا بوونیان هەیە، دوو وێنەی پێشینەن کە دەیدەین بەسەر پەیپێبەرە هەستییەکانمان و دەیانکەینە چوار چێوەیان. ئەو دوو وێنە پێشینەش بریتین لە: شوێن و کات. چونکە شوێن وێنەی پێشینەیە یا خود چوارچێوەی هەموو زانیارییەکانمانە کە بەهۆی هەستەکانمانەوە دەستمان پێی دەگات. کاتیش بریتییە لە وێنەی لە پێشینە یا خود چوارچێوەی گشت زانیارییەك کە دەستمان پێی دەگات لە ڕێی هۆشەوە یا خود بە هۆی هەستی ناوەکییەوە. چونکە هەموو شتێك کە لە دەری عەقڵمان بێت و بتوانین پەی پێبەرین دەکەوێتە ناو ئەم دوو چوارچێوەیە، واتە چوارچێوەی کاتی و شوێنی (کنط، ٢٠١٣: ٢٤ و عبدالجبار، ٢٠٠٣: ٩٠ - ٩٢). بە دەربڕینێکی کورتر، کات و شوێن دوو فۆرمی لە پێشترن و پێش پەیپێبردنی هەستەکی دەکەون. چەمکی لە پێشتر (Apriori) جگە لە شوێن و کات، کاتیگۆرییەکانی (وتەزاکانی) نێو تێگەیشتنیش دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی کانتەو، کاتیگۆریی لە هیچ ئەزموونێکی هەستەکییەوە پەیدا نەبووە و هەستکردن ناتوانێت لە دەرەوەی بیرکردنەوە و لە نێو دیاردەکاندا هۆکار بدۆزێتەوە. هۆکار چەمکێکی پەتی و کاتیگۆرییە؛ تێگەیشتن بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەیانسەپێنێت کە بەدوای یەکدا دێن و یەکدی دەهێننە کایەوە (کەمال، ٢٠١٧: ٣٦٠). بەم پێیە مەعریفە لەلای کانت لە دوو ڕەگەز پێك دێت:

**فینۆمینە:** ئەوەی کە هەست بۆمان دەگوازێتەوە (المادة - عالم الظواهر Phenomena).

**نۆمینە:** ئەوەی لە ناوی عەقڵماندا هەیە کە بریتییە لە پرنسیپە پێشترەکان (الصورة – و عالم الشيء في ذاته (Noumena).

فینۆمینە و نۆمینە دوو لایەنی جیاوازن. لەگەڵ ئەمەشدا کانت لە یەکدییان دانابڕێت و پەیوەندیداریان دەکات. بۆ دەرخستنی پەیوەندییەکان چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە کە لە سەر ئەو بنەمایە ڕادەوستن. گوایە جیهانی دیاردەکان لە ئەزموونی مرۆڤدا ئاماژە بۆ ئەو جیهانە دەکات

[١](ترانسێندینتاڵ – transcendental) بنەمای وشەکە لاتینییە و بە واتای ژوورکەوتن، سەرکردن و بەرزوەستان دەبەخشێت. بڕوانە: فەلسەفەی کانت (پەراوێزی ل ٤٠: ٥٤).

کە دەرناکەوێت و هەستکردن نایگاتێ. ئەوەی دەرکەوتووە، دیاردەیە و ئاماژە بۆ لایەنی دەرنەکەوتوو لەو دیوی خۆیەوە دەکات. هەروەها دیاردەکان دەگۆڕێن و خەسڵەتیان وەکوو خۆیان نامێننەوە؛ قەبارە و ڕەنگیان دەگۆڕێت و لە شوێندا دەجووڵێن. لەو دیوی ئەم گۆڕانکارییانەوە ڕاستەقینەیەك هەیە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت و بەردەوام وەکوو خۆی دەمێنێتەوە (کەمال، ۲۰۱۷: ۱۹)

گەر مادە بەرجەستەکەری بوونێکی دەرەکی ناو جیهانی دەرەوە بێت، ئەوا وێنەکە پرەنسیپێکی پێشتری ناوەکی بەرجەستە دەکات. ئەرکی ڕەخنەیی مەعریفەش بریتی دەبێت لە کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە دەرەوە بۆمان دێت و ئەوەی ئێمە دەیخەینە سەر بووە هەستیەکان، لە وێنەکان یا خود لە پرەنسیپە پێشترەکان یا خود قاڵبە پێش‌ئەزموونەکان. بۆ نموونە: من لە ڕێگەی هەستکردنەوە ڕەنگ و قەبارەی مێزەکەی نێو ژوورەکەم دەبینم و دەستەواژەیەکی وەکوو «مێزەکە سپی و چوارگۆشەیە» دروست دەکەم. بەڵام دەستەواژەیەکی وەکوو «جیهان سەرەتای هەیە» بەم جۆرە دروست نابێت. چونکە ڕاستی و ناڕاستی ئەو دەستەواژەیە بە ئەزموونی هەستەکی تاقی‌ناکرێتەوە و ناسەلمێنرێت. خودی دەستەواژەکەش لە ئەزموونی هەستەکییەوە سەری‌هەڵنەداوە. زانین سەبارەت بەو ڕاستییەی لەم دەستەواژەیەدا دەربڕاوە، بۆ «هۆش = عەقڵ» دەگەڕێتەوە و پەتییە؛ واتە هیچ بنەمایەکی هەستەکی نییە و پێش هەستکردن دەکەوێت (کنط، ۲۰۱۳: ۲٤ و کەمال، ۲۰۱۷: ۱۵ – ۱٦) .

## ۲-۲- هێرمینیۆتیکا

ڕەگ و ڕیشەی هێرمینیۆتیکا[1] دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ کە جگە لە کتێبی *هونەری شیعر* لە *ئەراگۆن*‌دا تێزێکی مەزنی لەسەر زاراوەی «هێرمینیوتێکا» نووسی. بەکارهینانی زاراوەی هێرمینیوتێکاش لە سەردەمی نوێدا بۆ پەرووکی نهێنیی هێرمینیوتێکا لە ١٦٥٤ـی دانوستەر[2] دەگەڕێتەوە. هەرچی پێشکەوتنی مێژوویی هێرمینیوتێکاشە ئەوا پەیوەستە بە پەرتووکی ڕاڤەی سەرەکی بۆ سەردەمی نوێ - ١٧٦٤- ی جوهان ئۆگست ئەنستە[3] کە پەرتووکێکی باوەڕپێکراو بوو. شلەیماخەر[4] ڕووبەڕووی ئەو پەرتووکە بووەوە کاتێك بە تێڕوانینێکی نوێیەوە لە هێرمێنیۆتیکای کۆڵییەوە و یەکەم توێژەر بوو هێرمێنیۆتیکای لە لاهووتەوە گواستەوە بۆ ناو کایەی

[1] Hermenyutiqa.

[2] Danustr.

[3] Johan Auguste Ernsta.

[4] Friedich Seheiermacher (1768-1834)

ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی. ئەوەی بە تەکنیکێکی وەرگێڕانی دەقی دادەنرا، لەلای شلەیماخەر بوو بە پرەنسیپێك بۆ تێگەیشتنی گشتی (ویلیك، ٢٠٠٠: ٦٢ و ٦٩).

دەکرێت پێناسەی هێرمێنیۆتیکا بکەین بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاری و تەکنیك، کە بوار دەدات هێماکان بهێنرێنە گۆ و وتاکانی بدۆزرێتەوە (آرون، ١٤٩٩هـ - ٢٠١٢: ١٢٥٣). بابەتی تێگەیشتن لە گرنگترین ئەو بابەتانە بوو کە هێرمێنیۆتیکا کاری لەسەری کرد. ئەم گرنگیدانەش لەلای هێرمینیۆتیکارە کۆنەکان و نوێیەکان دەبینین، هەر لە هێنریش یۆهن زیدلەر[1] و یۆهان مارتن کلادنیس[2] و فەردریك شلەیماخەر و فیلهیلم ڤۆن هەمبولت[3] و یۆهان گوستاڤ درۆیزن ـەوە بۆ فیلهلێم دەلتای[4] و هایدیگەر و گادامێر و پۆل ریکۆر. هەر لە گۆشەنیگای چەمکی تێگەیشتنەوە، شلەیماخەر پێناسەی هێرمێنیۆتیکا دەکات کە بریتییە لە هونەری تێگەیشتن. هەمان پێناسە لەلای گادامێر دەبینین کاتێك وای بینی کە ئاسۆکانی ئەوسا و ئێستا لە ناو تێگەیشتندا ئاوێتەی یەك دەبن. دەلتایش دەڵێت هێرمێنیۆتیکا هونەر و زانستی تێگەیشتنی تەئویلە. هەر بۆیە دەلتای پێی وایە کە هێرمێنیۆتیکا هەڵقوڵاوی کایەکانی زانستە مرۆییەکانە و تێگەیشتن و تەئویل دەکاتە بابەتێکی شیکاری-مەعریفی. نزیك لەم تێڕوانینەش پۆل ریکۆری فەیلەسوفی فەرەنسی لە بواری هێرمێنیۆتیکا دەڵێت: هێرمێنۆتیکا تیۆری کردارەکانی تێگەیشتنە لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان تەئویل و دەقەکانەوە (حامد، ٢٠١٤: ٨ و١٣-٥٦ و٨٣).

## ٣- ڕەخنەی عەقڵی باوی چەقبەستوو

ڕەخنەی عەقڵی چەقبەستوو لە تێکستە شیعرییەکانی مەحویدا، لە دوو ئاستی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت:

### ٣-١- دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستوو

دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستوو لە شیعری مەحویدا، گرێدراوی واقعی ژیاوی خۆیەتی. بەڵام واقیعێکی دانەبڕاو لە ئێستای ئێمە، کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە پێکهێنەری بوارەکانی ئەم تەوەرەن، کە دەکرێ کورتیان بکەینەوە لە واعیز و زاهید و سۆفی و شێخدا. مەحوی

[1] Johann Heinrich Zeidler.

[2] Johan Martin Kladenius.

[3] Wilhelm von Humboldt.

[4] Wilhelm Dilthey.

کرداری ئەمانەی خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنەی عەقڵەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەحوی پەردەی لەسەر چەق‌بەستوویی مادی و مەعنەوییەکانیان لادەدا:

لا لغاوی واعیز ئەمڕۆ مەد ئەدا، دەم پڕ لە کەف ریشی قیروسا، کتێبی وەعزەکەی بوو بەر تەرەف
زاهید و سۆفی بەشەڕ هاتن لەسەر تەزویر و شەید خێری ڕەندانە خودا کا بەرتەرەف بێ هەر تەرەف
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲۱٦)

ڕەخنەی مەحوی لەسەر هەر دوو لایەنی مادی و مەعنەوی، «ڕوخسار و دەمی گەرم داهاتو و ڕیشی واعیز» کە ئاماژەن بۆ ناکارامەیی و بێ توانایی لە پێشکەشکردنی وتاردانda، لەگەڵ «ئاست نزمی زانیاریی واعیز» کە بوونی کتێبی وەعزەکەی بە دەستییەوە ئاماژەیە بۆ تەنکی ئاستی ڕۆشنبیری کە پشت بە تەنها کتێبێك دەبەستێت لە وەعز دانا، بە ئاماژەی ناساندن کە کتێبی وەعزەکەیە. گرفتی گەورەی ئەم بە ناو واعیز و زاهیدانە ئەوە بووە کە دووچاری عەقڵێکی داخراو بوونەتەوە، بێ ئەوەی هەست بەو داخراوی و چەق‌بەستووییە بکەن:

واعیزم پرسی، یەکێ شۆخانە جوابی دامەوە وەعزی چی؟! سەرلنگە دەستاڕێ کرەی دەستاڕی هات
شێخ و تورڕەی مێزەر و نەقل و نوقوولی هیچ و پووچ من بە تورەڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵێ تورڕەهات
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۸۲)

لە سۆنگەی بەگژداچوونەوەی دیاردەی عەقڵی داخراودا، مەحوی لە شیعرەکانیدا لە زۆر ئاستدا و بە زەقی پەردە لەسەر لایەنی ڕووکەش‌کاری دەستەیەك لادەدا کە خۆیان بە ڕێنمایی‌کەر ناساندووە. ئەمانە لە ناو کۆڕی زیکرەکاندا سەر وەك دەستار دەجوڵێنن و ناخیان چۆڵە لە جەوهەری عیرفانی ڕاستەقینە. لەبەری ئەوەی واعیز و شێخ کەسانی خاوەن هزری کراوە بن، کە چی بە پێچەوانەوە بوونەتە سەرچاوەی دۆگمەیی و داخران و نایەکانگیری کردار و گوفتار، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێ: شێخ و مێزەری خڕی سەری و ئامۆژگاری‌کردن و قسەی زانایان و پیاوچاکان گێڕانەوەییێم هەموو لەلا هیچ و پووچە. چونکە هیچی لە سەرچاوەی راستییەوە هەڵنەقوڵاوە. راست ئەو خۆشەویستەیە کە لە دڵی مندایە کە منی دیلی زوڵف و مووی ئەملاولای ناوچاوانی یار کردووە، نەك ئەو تورڕەهات و شتی هیچ و پووچ و ئاوەکییانەی کە بوون بە بار و چوونەتە کۆڵی ئەو (مەحوی، ۱۸۳۷: ۸۲). ئیتر کار دەگاتە ئەوەی ئەو خەڵکەشی کە بە دەور ئەو جۆرە بە ناو واعیز و شێخانەدا کۆبوونەتەوە، دونیاپەرست بن، تەنها ناوی خودا بۆ سوێندخواردن بەکار بهێنن، لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ نەداتەوە:

لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خوودا داوێنی یا خوا بگرە، بەردە ناخودا
بێ کەس منم، کەسێ لە زوبانم بگا نییە هەمدەمم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یا خودا
عەهد و وەفایە سوخرەیی بەد عەهدی و جەفا هەرما بە دادی ئەهلی وەفادا بگا خودا

غەیری ئەمە کە سوێندی پێ بخۆن و بەس          قوربانی ناوی، ناوی لە ناوا نەما خودا
(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٧)

ئەم سوێند بە درۆ خواردنە دەچێتە خانەی درۆکردنەوە بە پێی تێڕوانینی کانت؛ چونکە درۆکردن لە کۆتاییدا بریتییە لە بەجێنەگەیاندنی ئەو پەیمانەی سوێندخۆر ڕاشکاوانە یان ناڕاشکاوانە بە بەرامبەری دەدات،.سەرچاوەی ئەم بە جێنەگەیاندنەش کورتبینی و بە هەند وەرنەگرتنی خود و بەرامبەری ئەوی دیکەیە (دریدا، ٢٠١٦: ٦). تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی مەحوی لەو چینە لە وەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانە دووچاری دەردی ناڕاستگۆیی بوونەتەوە؛ لە ڕووکەشدا شتێك بوون و لە کردار و جەوهەردا شتێکی تر، بۆیە مەحوی ڕوو دەکاتە زاهید و پێی دەڵێ وەرە ڕوویەك بکە ڕێگای عیشق، وەنەبێ خوداوەند تەنها ڕێی ئەوانە بدا کە کەسن، ڕێگای خودا؛ ڕێگای عیشق جێی تۆیشی تێدا دەبێتەوە:

زاهید وەرە ڕوویێ بکەرە بارەگاهی عیشق          عالی جەنابە، وانییە هەر ڕێ بدا بەکەس
بەو تاعەتە کە بۆ ئەم و ئەویە، بەهەشتی ویست          زاهید ئومێدەوارە بە ئەجری ریا ریاض
(مەحوی، ١٨٣٧: ١٨٩)

ئیتر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا ڕاستگۆیی و وەفا و کەسی هۆشمەند و مەردایەتی کەم بێتەوە و ببێتە شتێکی دەگمەن:

مەسەلی عەهد و وەفا وەك مەسەلی عەنقایە          پیاوەتی باسی لە کن کەس مەکە، ئادەم بووە قات
بە دوو بەیتێ غەم و دەردی دڵ ئەگەر بێنمە عەرز          کەسی وا عەرزی کرێ خۆ نییە، مەحرەم بووە قات
بە هەموو دەم لە سەدەد باس و قسەی ئەو دەمە دام          کە دەمێ باسی بکەم، کەس نییە، هەمدەم بووە قات
بە حەددێ بێ ئەدەبی باوە، لەمەولا سەییاد          پەکی راوی بکەوێ کەلبی موعەلەم بووە قات
(مەحوی، ١٨٣٧: ٩٦)

جگە لەمە مەحوی ڕەخنەی توندی ئاراستەی دیمەن کاری و ڕووخسار پەرستی و ڕووکەش کاری زاهید و سۆفیەکانی سەردەمی خۆی کردووە، کە بەرهەمێکن لە بەرهەمەکانی چەقبەستوویی عەقڵ (مەحوی، ١٨٣٧: ٢٥٠).

مەئلووفە زەوقی زاهید ئەوەندە بە تامی نیسك          بێگانە ماوە شەممی لە نەشئەی خیتامی میسك
کە شێخ و واعیز و سۆفی بە جەننەت بەن گەد و گیپاڵ          دەبێ ئەمسالی ئێمە بۆ جەهەننەم بەن سرو سیپاڵ
(مەحوی، ١٨٣٧: ٢٤٤)

لە ڕێگەی ئەم دەرخستنەی مەحوییەوە تێدەگەین کە ڕیاکاری و قووڵنەبوونەوە لە کایە مەعریفی و ئاکاریەکان بەرهەمی عەقڵی پەك خراون. تەنها چارەسەری ئەو جۆرە دەردانە و تاکە ڕێگەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا بریتییە لە کارکردن لە سەر هۆشیاری، کە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی عەقڵی زیندووی کارکەری بیرکەر. کورتبینی و دونیاپەرستی یەکێکی ترە لە کایانەی مەحوی

کاری لەسەر کردووە و بە بەرهەمی عەقڵی چەقبەستووی داناوە. ئەم ڕەهەندەش بە قووڵی لە قەسیدەی مەخلوقدا دەبینین:

ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەڵهەڵەی مەخلوق　　لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلووق
بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان　　دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دنیا پەلەی مەخلووق
بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو　　هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلوق
(مەحوی، ١٨٣٧: ٢٢١)

لێرەدا گرفتی عەقڵی چەقبەستوو، گرفتی کورتی تێڕوانین و توانەوەیە لە ناو کۆڕەوی ئاپۆرەدا. هەموان هەڵپەی بە دەستهێنانی دەستکەوتی مادی وای لێکردوون عەقڵیان وابەستی ئەمڕۆ بن و هۆشیاریان بەرامبەر بوونی ڕاستەقینە لە دەست بدەن کە سبەینێیەط واتە ڕۆژی دوایی. هەمووان شوێن سەراب دەکەون بە نیازی ئاو، کە چی لە وشکیدا گیان لە دەستدەدەن و دەمرن. بۆ دروستکردنی هۆشیاری بەرامبەر ژیان و تێگەیشتن لە سروشتی کورت خایەنی؛ مەحوی ڕووبەرێکی گەورەی تێکستەکانی بۆ ئەم بەرچاو ڕوونیە تەرخان کردووە. قەسیدەی «لە ڕۆژێ هەڵدرا»ی بە تەواوی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و لە ڕێگەی چەندین وێنەی شیعرییەوە بەرجەستەی ئەو کورتخایەنییەی ژیانی دونیای کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕوونتر لە سروشتە گەڕۆکە پڕبزاوتە فەوتێنەرەکەی ژیان تێبگات. چونکە ڕەهەندە مەعنەوییەکان چەندێك بەرجەستە بکرێن بە ڕەهەندە مادیە بەردەستەکان، هێندە قووڵتر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا ببەستێت و کاریگەری لەسەر دروستبکات. چونکە گەشە و هۆشی مرۆڤ دەرهاویشتەی ئەو ژینگە مادیەن کە مرۆڤ تیایدا دەژی:

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆ شینە　　لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە
دەبینی جێیەك ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشینە　　سبەینێ زوو زەمانە وەزعی گۆڕیوە، لە نۆ شینە
لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت؟　　عەزاپۆشی چییە و کێیە، جلی پیرۆزە بۆ شینە!
سەفای سافی جوانی ڕۆیی و دوردی دەردی پیری هات　　خومارێ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە
کوڕی بێ، تا سەر ئەم دایەی زەمانە مەمکی کەس نادات　　کەسەعیە شیری شەفقەت (مەحویا) لەم شێرە دۆشینە
(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٢٤-٣٢٦)

مەحوی دەستپێکی ژیانی دونیای بەستوەتەوە بە هەڵدانی یان خوڵقاندنی ئاسمانی شین و پاشان وێنای کردووە بە «کۆنە خێمەی تان‌وپۆ شین»، خۆشی و ڕابواردنی ژیانیشی وێنا کردووە بە «بادە نۆشین». کار گەیشتوەتە ئەوەی بێ گیانیشی هێناوەتە ناو کایە هۆشداریەکەیەوە و وەك هۆشدارێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە: «جلی پیرۆزە بۆ شینە». کۆتایی هاتنی گەنجێتی و خۆشی ژیانیشی بە «دورد» واتە بە خڵتەی بنی پیاڵەی شەراب وێناکردووە. واتە سەرەتا و جوانی تەمەنی بە پاڵاوتە و دەردی پیری و بەرەوکۆتای ڕۆشتنی تەمەنیشی بە خڵتە و یادەوەریەکانی لاویشی بە

خومار و سەرئێشەیەکی پاشماوەی لاچوونی سەرخۆشی کە بە مەیخۆرەوە دەمێنێتەوە وێنا کردووە. زەمانەش کە ڕەهەندێکی ڕەهای نابەرجەستەیە، لە ڕیگەی گرێدانی بە دایکەوە بەرجەستەکراوە. لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بڵێ دونیا تا سەر بۆ کەس نابێ و با کەس پێی نەبێ بایی، پشتی بە وێنەی شیعری بەستووە و بۆ بەرجەستکردنیشی کرداری شیردانی بەکار هێناوە لە ناو کایە کاتی و شوێنیەکەیدا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «دیاردەکان لە نێو کات و شوێندا خۆیان بۆ ئەزموننی هەستەکی دەردەخەن» (کەمال، ۲۰۱۷: ۱۷). ئەم بەکارهێنانە هونەرییە لە پشتییەوە مەبەستێکی قووڵ هەیە، کە خۆی لە باش دواندنی وەرگردا دەبینێتەوە بۆ بەهێزکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵیدا. چونکە چەندێك خوێنەر لە ڕێگەی ژینگەی ژیاوی خۆیەوە بدوێنرێت. هێندە جوانتر لە چەمکە مەعریفی و ئێستاتیکاییەکانی تێکست دەگات.

## ٣-٢- هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەقبەستوو

لە پێناو بەرپاکردنی بەرچاوڕوونی و ڕزگارکردنی عەقڵی تاك و کۆمەڵگە لە دۆگمایی، مەحوی پاش ئەوەی پێکهێنەرەکانی عەقڵی چەقبەستوو دیاری دەکات، هەوڵی هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەیان دەدات. چونکە ئەو پێی وایە گەر سەرچاوەی ئەو چەقبەستووییە تێکنەشکێنرێت، بە هیچ شێوەیەك بەرەو پێشچوون نایەتە ئاراوە. ئەم تێڕوانینە وای لێکردووە هێرشی توند بکاتە سەر سەردەستەکانی عەقڵی چەقبەستووی سەردەمی خۆی کە بریتین لە زاهید و سۆفی و شێخ. خۆ بەکەم زانین و دونیاپەرستی، ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە وا لە هەندێك کەس دەکات عەقڵی خۆی لە پێناودا بچووك بکاتەوە و مرۆڤبوونی لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خوازیدا کورت دەکاتەوە، وەك چۆن ئەم تێڕوانینە بە دیاری لە دەقی «بۆ پارە حەیفە»دا دەبینین:

| | |
|---|---|
| بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی نارەواج | بۆ پارۆیکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج |
| ڕێی دا لە قاپییا بمرم، پێشی سەر سەرم | نا، وا گەدا دەبێ بە خوداوەندی تەخت و تاج |

(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۲٦)

مەحوی لێرەدا تواناداریی زمانەوانی خۆی بەگەڕ خستووە و هاتووە ئەوەی بە دوای پارەدا دەگەڕێ بە پارەیەکی بێ ڕەواجی داناوە. ئەوەی هەر لە هەوڵی نان بێ، شەرمەزار دەبێ و ڕووی لە ناو کۆمەڵدا وەك ساج ڕەش دەبێ. بەختیاریی ڕاستەقینە لای مەحوی ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێناوی خواستی پیرۆزی خۆیدا تێبکۆشێ، نەك عەقڵی خۆی بداتە دەست عەقڵی بەرژەوەندی خوازییەوە (مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۲٦). هۆشیاری بەرامبەر بە خود، کایەیەکی ترە لەو کایانەی کە

مەحوی لە ڕێیەوە ڕووبەڕووی چەقبەستوویی عەقڵ بووتەوە. لە تێڕوانینی مەحویەوە کە مرۆڤ توانی بە ئاگا بێت لە کەموکوڕیی خۆی، هۆشیار بوو بەرامبەر چەمکە دەق بەستووەکان، ئەوا ئەمە دەبێتە مایەی ڕزگاربوونی لە کۆت و بەندی چەقبەستوویی، چونکە بەرەوپێشچوون و کرانەوە و داهێنان وابەستەی هۆشیاری مرۆڤ و زانینی تواناکانی خودە:

چ بکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس     خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس
گەر ئیشی ڕۆحتە، کە نەبوو کەس بە دەستەوە     دەست هەڵگرە لە ڕۆح و مەبە ئێلتیجا بە کەس
(مەحوی، ١٨٣٧: ١٨٧)

لێرەدا ئەو سەنتەری چەقبەستوویی تێکدەشکێنێت گەر خودی خۆیشی بێت، چونکە ئەو جگە لە واڵاکردنی دەرگای دانپێدانان و دەرخستنی کەموکوڕیی خوی، گەر بازنەی چەقبەستن و چەقبەستووی خۆیشی بێ نایهێڵێ و بەرپەرچی دەداتەوە. بە خۆی دەڵێ، تەنانەت بۆ مەسەلەیەکیش کە پەیوەندی بە گیانتەوە بێ، ئەگەر کەسێکت دەسگیر نەبوو لە خۆیەوە بەفریات بگات، تۆ دەست لە گیانی خۆت هەڵبگرە، ئەوە باشترە لەوە پەنا بەریتە بەر کەسێك کە لەوانەیە دەست بە ڕووتەوە بنێ (مەحوی، ١٨٣٧: ١٨٧). دیارترین ئاستی هۆشیاری خود لە لای مەحوی خۆی لەم دانپێدانەدا دەبینێتەوە. ئەو خۆی بە پاك و بێگەرد و گەورە و زانا ناناسێنێ، سەرچاوەی ئەم بەرچاوڕوونیەشی هۆشیار بوونیەتی بەرامبەر بە خودا و بە خود و بوون:

لە ڕوو سووری عیبادەت لام و ڕوو زەردی خەجاڵەت مام     بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم
شوکر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە     کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم
(مەحوی، ١٨٣٧: ٢٦١ - ٢٦٢)

چەمکی هۆشیاری لە لای مەحوی ڕەگی داکوتاوە. گەر بێت و بمانەوێت نهێنی عەقل کراوەیی مەحوی بزانین، ئەوا بێگومان سەرچاوەکەی هۆشیارییە. هۆشیاری بەرامبەر بە ژیان و بەرامبەر بە تەمەن و بەرامبەر بە ئەو دونیا. ئەم جۆرە هۆشیاری و عەقڵکراوەییە وای لێکردووە حەقویست و حەقبێژ بێت و سڵ لە وتنی نەکاتەوە:

بە حەق هەر حەق، بە ناحق ناحەقم وتووە لە ڕۆژێ بووم     وەکوو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم
(مەحوی، ١٨٣٧: ٢٧٠)

لەو تاکە بەیتەدا چوار جار وشەی حەق دووبارە کراوەتەوە. هەموو دووبارە کردنەوەیەکیش گرنگی دووبارەکراوەکە دەردەخات. بە جێگەیاندنی حەقویستی ئاسان نییە، تەنها کەسانی عەقڵکراوە و خۆتەرخانکەر بۆ بەرجەستەکردنی دەتوانن پێی هەڵسن. لێرەدا دەقەکە ناڕاستەوخۆیانە ئەو پەیامەمان پێدەڵێت کە حەقبێژی و حەقویستی عەقڵی کراوە و خۆبەختکردنی دەوێت. بۆ ئەو مەبەستەش مەحوی ئیبن عەرەبی و مەنسوور وەك ڕەمزێکی ئەو خۆبەختکردنە بەکارهێناوە.

لێرەوە مەحوی کانتئاسا گرنگی دەدات بە تێگەیشتنی گشتی (کنط، ٢٠١٣: ١٠. ٢٦١ – ٢٦٢). بە مرۆڤئاسایی و بە ڕاستی و ڕاستگۆیەکەی ئەمەش وای لە دەقەکانی مەحوی کردووە، دەقێکی دژ بە چەقبەستوویی بێت، هەر دەم ڕەخنە لە خۆ بگرێت پێش ئەوەی ڕەخنە لە واقیعی داتەپیو بگرێت.

گۆڕینی ڕەوتی سۆفیگەریی باو و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی، یەکێکی ترە لەو کایانەی کە مەحوی بەرچاوڕوونی تێدا بەرجەستەکردووە و مەبەستی بووە تەوژمێکی لادەری ناوی ڕەوتی سۆفیگەری پێ ڕاست بکاتەوە. ئەم ڕەهەندە قووڵەش لە تێکستی (تێگەیی)دا دەبینین، کە تیایدا دەڵێت:

با حەقیشی بێ، لە بۆ مەنسوور «أنا الحق» حەق نییە شێتیە، مەجنون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا
(مەحوی، ١٨٣٧: ٥١)

مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەجنوون چەندێك عاشق بێت، نایەت بڵێ من لەیلام و نازی لەیلا ناکات؛ گەر بیکات، کەس لێی وەرناگرێت، هەرچەندە ناویشی مەجنوون بێت. ئیتر مەنسووری حەللاج چۆن دەتوانێت بانگەشەی «أنا الحق» بکات. ئەمە یەکێکە لەو چەمکانەی کە مەحوی مەبەستی بووە لە ڕێگایەوە چاکسازی و ڕاستکردنەوە ئەنجام بدات لە ناو هزری تەوژمێك لە تەوژمەکانی ڕەوتی سۆفیگەری کە دووچاری لادان و خۆیەکسانکردن بووبوونەوە بە خودایان. تەنانەت سنووری ئەوەی کانت ناوی لێنا «چەمکی لە پێشتر و ترانسێندینتاڵ» تێپەڕێنن. لە پێناو ڕاستکردنەوەی ئەم بارە خوارەدا، مەحوی دوو ئاراستەی گەورەی پێکەوە گرێدا؛ ئەوانیش عیرفان و ژیاندۆستییە. هەر دووکیانیشی لە ناو ئەدەبدا توانەوە. ئەدەبی کردە ئەو بوارەی کە لە یەك کاتدا هەم دەربڕین بێت و هەم پرۆژەی چاکسازی و هەم پێشکەشکردنی جوانی و ژیاندۆستی بێت. تەنانەت مەحوی خودی خۆی کاتێك دێتە سەر دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ پێغمبەری ڕابەری (د.خ) لە قەسیدەی «و صلی الله علی» هیچ جۆرە لادان و زیادەڕەوییەك ئەنجام نادات:

«و صلی الله علی» ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە کە دەرکی غەوری ناکا «غیر علم الله سبحانه»
«و صلی الله علی» ئەو حەزرەتەی ساحێب کەماڵاتە کە ئەعلا موعجیزەی، قوربانی بم من، نووری قورئانە
چرایەك نووری بێچوونی مومیددی بێ، دەبێ وا بێ چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا، بۆ تا ئەبەد مانە
(مەحوی، ١٨٣٧: ٢٦٤ - ٢٦٩)

گەر سەرنج بدەین لەم نموونەیە و تەواوی قەسیدەکە، دەبینین بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ هەموو پایەکانی زیادەڕۆیی تێکشکاندووە. چونکە دەقەکە پڕاوپڕە لە یەکتاپەرستی، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تێدا نییە کە هاواری لە پێغەمبەر (د.خ) کردبێت، یان وەکو زاتێك یا خود وەك سەرچاوەی یەکەم تەماشای بکە. گەورەیی و مەزنی پێغەمبەر (د.خ) دەبەستێتەوە بە خودای

گەورەوە، هەموو سەرچاوەی نوورەکەی و تواناداریەکەی دەبەستێتەوە بە نووری سەرەکییەوە کە خوای گەورە خۆیەتی (نووری بێچوون / بێ هاوتایی).

## ۴- ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆك

گژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باودا پشتی بە کۆمەڵە شێوازێکی ئێستاتیکایی باڵا بەستووە کە خۆی لە چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانیدا دەبینێتەوە. لە بنەمادا چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و وەرگرەوە. ئەم کارلێکەش بنچینەی هەموو خوێندنەوەیەکە بۆ هەموو کارێکی ئەدەبی. ئێستاتیکای وەرگرتن کە میتۆدێکی ڕەخنەیی پاش مۆدێرنەیە، درێژە پێدەرەی هێرمینیۆتیکای ئەڵمانییە و لە ناو قوتابخانەی «کۆنستاس»ـدا لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی دوو دیارترین توێژەری ئەو قوتابخانەیە کە یاوس و ئایزەرن سەری هەڵدا. یاوس بە پێویستی دەزانێت لێکۆڵینەوەی کارە ئەدەبییەکان چەق نەبەستێت لەسەر دەق، بەڵکوو بە هەمان پلەی گرنگیدان بە دەق، پێویستە گرنگی بدرێت بە هاتنەوەڵام و ئەو شوێن پەنجانەی دەقەکە لەسەر خوێنەر بە جێی دەهێڵێت (ئایزەر، د.ت: ١٢).

توانستی کاریگەری بەجێشهێشتنی هەر کارێکی ئەدەبی پەیوەستە بە سێکوچکەیەکی پێکهاتوو لە دەق و خوێنەر وکارلێکی نێوانیان (الکردی، ١٩٩٩: ٢١). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە خوێندنەوەی دەق کردارێکی بێ لایەن نییە؛ چونکە خوێنەر خوێندنەوەکانی پێش خوێندنەوەکەی خۆی بەسەر کردووەتەوە لەگەڵ کۆمەڵە تێۆرێکی گشتگیردا کۆیکردوونەتەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵە چاوەڕوانییەکی دیاریکراو بە ئاراستەی واتایەکی دیاریکراو (علیمات، ١٤٢٣ ه - ٢٠٠٢: ٤٥٠). بەم پێیە کاری ئەدەبی وەك ڕاڤەیەکی نەوە بە دوای یەکدا هاتووەکان دەردەکەوێت؛ چونکە کۆمەڵی خوێنەران کاردانەوەیان بەرامبەر کارە ئەدەبییەکان گرێداوە بە ئاسۆیەکی چاوەڕوانی دیاریکراوەوە، واتە بە کۆمەڵێك نەریت و یاسا و ڕێسایەکەوە (علیمات، ١٤٢٩ هـ - ٢٠٠٢: ٤٤٧).

ئەو ڕێگایانەی دیالۆگی نێوان وەرگر و دەقی پێ ئەنجام دەدرێت، بە یەکێك لە هەرە لایەنە گرنگەکانە کە ئایزەر لە ژێر سێبەری چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیدا کاری لەسەر کرد. ئەم ڕێگەیەش بەرجەستە دەبێت لە پەیوەندی دیالێکتی دووانەی «چاوەڕوانی / نەمانی چاوەڕوانی». چاوەڕوانی بریتییە لە بە تەما بوونێکی تێکەڵ بە ئاوات، وەك ئاستی ئەو سەرکەوتنەی کە مرۆڤ ئاواتەخوازە بۆی لە کاتی هەستانی بە ئەنجامدانی کارێك، بەڵام نەمانی چاوەڕوانی ئەوا بریتییە لە شکاندن و پووچەڵکردنەوەی ئەو بەتەمابوونە؛ لەم حاڵەتەشدا نەهاتنە دی ڕووبەڕووی کرداری چاوەڕوانی

دەبێتەوە (هولب، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤: ٢٣١). دەکرێت چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە شیعری مەحویدا بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین. ئەوانیش فرە ئاسۆیی و دووری ئێستاتیکاییە.

### ٤-١- فرە ئاسۆیی

ڕەخنەگرانی تیۆری وەرگرتن - کە بەرهەمی بزاڤی هێرمێنیۆتیکان - لەسەرو هەموویانەوە یاوس بەهای دەق و پێکهاتەی هونەری بەرزی دەبەستێتەوە بە کۆمەڵە لادانێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەردا یەکناگرێتەوە و پێچەوانەیەتی و ئاسۆکانی چاوەڕووانی ئاوەژوو دەکاتەوە و فرە ڕەهەندی پێدەبەخشێ و لە قەتیسمان لە ناو دیدگایەکدا رزگاری دەکات. ئەویش لە ڕێگەی بەزاندنی پێوەرە هونەرییە باوەکان و بەدیهێنانی دیدگا و پێوەری نوێوە. بە پێی تێڕوانینی ئایزەریش ئەدەب بەتاڵ و بۆش دەبێت گەر هاتوو خۆی بە شتە باوەکانەوە بەستەوە، کە پێشتر هەبوون، ئەو پێی وایە کە ڕووبەری باو، بە بەها و گرنگە، تەنها لەبەر ئەوەی ناباو زەق و بەرچاو دەکات. (هولب، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤: ٢٣١). فرە ئاسۆیی لە دەقەکانی مەحویدا دێتە دی لە ڕێگەی لادانی دەقیەوە (الانزیاح النصی)، مەبەستیشم لە لادانی دەقی لێرەدا، ئەو لادانەیە کە لە دەقەوە دەستپێدەکات و لای خوێنەر پەل دەهاوێت بۆ کایە ئەدەبی و مەعریفییەکان و خوێنەر توانادار دەکات بیان بەستێتەوە بە بواری لە یەك چووەوە لە ناو دەقی شاعیرانی دیکە. من لێرەدا لادان کورت ناکەمەوە لە چوارچێوە شێوازییە دەربڕینییەکەیدا، بەڵکوو ئەیبەستمەوە بە ئاسۆفراوانەکانی مەعریفەی مرۆییەوە.

مەحوی بە شێوەیەکی کارا ئەم شێوازەی لە تێکستەکانیدا بەکار هێناوە، تێیدا هەستاوە بە دروستکردنی ئاسۆیەك لە لای خوێنەر؛ پاشان لادانی دەلالی بە ڕێڕەوی دەقەکەی کردووە، بە مەبەستی دواندنی هەستی جوانناسی خوێنەر و بەدیهێنانی ئاسۆی تازەدا، بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکات ئاراستەژیانی لە چەقبەستووییەوە بەرە کرانەوەی زانستییانە بەرێت. وەك چۆن ئەم شێوازە ئێستاتیکاییە و ڕەهەندە بیرییە لە دەقی «کەی لە کن ئەحمەق»دا دەبینین:

کەی لـە کـن ئەحمـەق دەبـێ حاجـەتی دانـا ڕەوا؟! قەت دەکرێ چەرمەکەر یابە عەبا یا کەوا؟!
(مەحوی، ١٨٣٧: ٨٩)

خوێنەر کە چاوی بەم بەیتە دەکەوێت، کە دەستپێکی دەقەکەیە، وای بۆ دەچێت بابەتی قەسیدەکە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ئاراستەکەری بەرچاو ڕوونکەرە. هانی مرۆڤ دەدات خۆی بە دوور بگرێت لە کەسی نەزان و گەمژە. بەڵام لە بەیتی دووەمەوە ئەم ئاسۆی چاوەڕوانییە تێکدەشکێنرێت و ئاراستەکە دەگۆڕێت بەرەو ئاگادارکردنەوەی عەقڵی وابەستەبوو بە دونیاوە و ئاگاداری ترسناکی کورتبینی دەکاتەوە و دونیا بە پیرەژنێکی نانەوا و بەخششی دونیا بە نانێکی

جۆ دەچوێنێ. نە پیرەژنەکە شایانی ئەوەیە و نە نانەجۆکە ئەوەندە دەهێنێ کەس منەتی هەڵ بگرێ:

بەخششی دنیا مەخۆ، یەعنی بە نانێکی جۆ    خۆ مەکەرە بەر منەت پیرە ژنی نانەوا
ئێستە کە دەستت دەگا پێ بووە بۆ نەجات    حەیفە لە دنیا بڕۆی کامی دڵت ناڕەوا
گریە: دەجۆشێ لەوێ، ئاهە: دەبێ نەسرەوێ    نەمدی وەك ئیقلیمی عیشق جێگە بەئاب و هەوا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ٦۹)

ئیتر دەقەکە لەسەر ئەم ڕەوتە دەڕوات و چەندین دیدگای جۆراوجۆر بۆ هەمان بیرۆکە وەگەڕ دەخات؛ وەك بەرجەستەکردنی ڕەهەندێکی نامادی، وەك سەرفرازی ئەو دونیا بە ڕەهەندێکی مادی کە دەستپێگەیشتنە. مەحوی لە شیعرەکانیدا، زۆر بە هەستیارییەوە لەگەڵ وەرگردا کاری کردووە. لە سەرەتادا ئاسۆیەکی چاوەڕوانی بۆ دروستکردووە، پاشان هەستاوە بە گۆڕینی ڕێڕەوی گوتارەکەی و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئاوەژوو کردووەتەوە، کە جگە لە ڕەهەندی ئێستاتیکایی، خوێنەری زیاتر بە تێکستەکەوە گرێداوە و ئاسۆیەکی دیکەی یان زیاتر بۆ دروستکردووە. بۆ نموونە لە قەسیدەی «لەڕم دی زاهید»، خوێنەر مێشکی بۆ لای ئەوە دەچێت کە ئاراستەی گشتی دەقەکە بەردەوام دەبێت لە هێرش کردنە سەر بەناو زاهید؛ چونکە تێکستەکە ئاوەها دەستپێدەکات:

لەڕم دی زاهید ئەم زستانە، زانیم    کلك نادا بە زڕینگی بەهارا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۲)

بەڵام هەر پاش بەیتی یەکەم، ئاراستەگۆڕین دەست پێدکات و سووتانی عاشقێك دەبێتە تەوەر:

وەرە دەستێ بە خوونم کە نیگارین    خوێنی من حەڵاڵت بێ، نیگارا
زوو ئەو شۆخە لە عاشق وەردەچەرخێ    لەگەڵ کەس، چەرخە ئەو، ناکا مودارا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۲)

جگە لەم ئاراستەگۆڕینە ڕاشکاوە، ئاراستە گۆڕینێکی ناڕاشکاویش دەبینین، کە پێکهێنەری ئامانجی سەرەکیی مەحویە. ئەویش بریتییە لە وێناکردنی دونیا بە خاتونێکی شۆخ و شەنگی بێ وەفا، کە عاشقەکانی یەك لە دوای یەك دەکوژێت:

ئەمەندە گوڵ لە بن یەك نووکە خارا    موژەی خوێنی دەکا هەر لەحزە، سەیرە!
لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەورا    کە شك بەم (مەحویا) هەر شەربەتی مەرگ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۳)

شێوازێکی تر لە شێوازەکانی لادانی شیعری لای مەحوی، ئەوەیە ئەو دەقانەی کە بۆ دەربڕینی خوشەویستی پەروەردگاری وتووە. لە گۆشەنیگای توانەوە و وەفادارییەوە نووسیویەتی، هەر

خوێنەرێك لە هەر سەردەم و چاخێکدا دەتوانێت بیبەستێتەوە بە ناخی خۆی و هەست و سۆزی هەمە چەشنەیەوە، وەك چۆن ئەم توانەوە ڕۆحییە و لادانە شیعرییە لە قەسیدەی «کە دڵ دەتوێتەوە»دا دەبینین:

| | |
|---|---|
| کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا ڕۆحم | کە خۆ دەرخەی وەکوو خۆر، دڵ وەکوو شەونم لە خۆ بڕوا |
| تێ گەیی تـۆ حـەز بـە دەرچوونـی دەکـەی، دەرچوو | دەبـێ عـاشق کـە دی بێزارە یـاری، بـێ بـڕوا |
| | (مەحوی، ١٨٣٧: ٦٧ - ٦٨) |

لێرەدا هەر خوێنەرە و ژێرخانی مەعریفی و جوان‌بینی خۆیە دەتوانێت ئەم دەقە و ڕەهەندی مەعریفی و جوان بینییەکانی ببەستێتەوە بە ئەزموونی خۆیەوە. لەم جۆرە وەرگرتنەدا ئاستی چالاکی خوێنەر بۆ ئاستی چالاکی دەقەکە بەرز دەبێتەوە و دەقەکە بوونی خۆی بەدەست دەهێنێت؛ بوونی هونەری تایبەت بە شاعیر و بوونی جوانیناسانەی تایبەت بە خوێنەر. جەمسەری هونەری تایبەتە بە پێکهاتە ناوەکییەکانی دەق و ڕێگاکانی دامەزراندنی و ڕەگەزەکانی. هەرچی جەمسەری ئێستاتیکییە ئەوا پەیوەستە بە خوێندنەوەی دەقەکە و خستنەسەری و بەستنەوەی بەکایەکانەوە لەلای وەرگر، جەمسەری هونەری دەقی نووسەرە، جەمسەری ئێستاتیکایش ئەو بەجێ‌گەیاندنانەیە کە خوێنەر پێی هەڵدەستێ (ئایزر، ١٩٩٢: ١٣٣ و وتومبکنز، ١٩٩٩: ١١٣).

## ٢-٤- دووریی جوانیناسانە و ڕوانگەی گەڕۆك

دووریی جوانیناسانە[1] بریتییە لە نایەکانگیری لە نێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕوانیەتی (ربابعة، ٢٠٠٠: ١٣٣. وتومبکنز، ١٩٩٩: ٩٣). یاوس وەك پێشەنگی یەکەمی «تیۆری وەرگتن» دەڵێت: کرداری چاوەڕوانی نیشانە هونەرییەکانی دەق و جۆری کاریگەری و پلەکانی دیاری دەکات. ئەو نایەکانگیریەش دەبێتە باشترین پێوەر بۆ دیاری‌کردنی ئێستاتیکای ئەدەب و کار دەگاتە ئەو ئاستەی چەندێك دەق لە ڕێژنەی پێوەری خوێنەر دەربچێت و چەندێك بتوانێت ئاسۆکانی بگۆڕێت. ئەوەندە دەقەکە بە جوان و بەرز و باڵا دادەنرێت، چونکە چەندێك شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی بەهێز بێت، ئەو دەقە هێندە بەها و ئەرزش و بیناکردنەکانی بەهێزە. ئەمەش دەبێتە مایەی هاتنە ئارای ئاسۆیەکی چاوەڕوانی گەڕۆك. (ئایزر، ١٩٩٢: ١٣٣. وتومبکنز، ١٩٩٩: ١١٣).

هۆکاری گەڕۆکی ڕوانگەی ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەشتی خوێنەر لە ناو دەقدا گەشتێکی بەردەوامە. کاتێك خوێنەر دەست دەکات بە خوێندنەوە بە بەردەوامی و بێ پچڕان خەریکی تێگەیشتنە لە ڕێگای ئاسۆکانی چاوەڕوانی پشت ئەستوور بە

[1] Aesthetic Distance.

پاشخانە ڕۆشنبیریەکەی. بۆیە پەیدابوونی شتێکی ناچاوەڕوانکراو ئەگەری گۆڕینی ڕوانگەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆکاری قووڵبوونەوەی بە ناو ڕەگەزە فرەکانی دەق و دوان لە گەڵیاندا و بەرجەستەکردنیان (سلدن، ١٩٩٦: ١٦٤ - ١٦٨). ئەم گۆڕینەی ئاسۆی چاوەڕوانییەش ئایزەر – وەك پێشەنگی دووەمی تیۆری وەرگرتن – ناوی لێدەنێت بە «ڕوانگەی گەڕۆك» (هولب، ١٤١٥ - ١٩٩٤: ٢١٥). ئەم ڕوانگەیەش دەروازەی گەشتی خوێنەر بە ناو دەقدا واڵا دەکات و لە ڕێیەوە خوێنەر ڕوانگە زۆر پێکەوە گرێدراوەکان دەدۆزێتەوە. ئەو ڕوانگانەی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت لە کاتی گواستنەوەدا لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕوانگەیەکی تر (ئایزر، د.ت: ٩٤). لە ڕێگەی ئەم گواستنەوەیەوە و ئەم دۆزینەوەیەوە، کرداری کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر ئەنجام دەدرێت و دەگاتە ئاستێکی وەها بەرز کە خوێندنەوەی تەنك و سەرپێی تێپەڕێنێت (سلدن، ١٩٩٦: ١٦٤ - ١٦٦). ئەم ڕەهەندەش زۆر بە ڕوونی لە دەقی «لە سەیری خەستەخانەی عیشق»دا دەبینین. مەحوی لەم قەسیدەیەدا کە پێکهاتووە لە حەوت بەیت، شەش بەیتی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ وێناکردنی ئازارەکانی عیشق و تواندنەوە لە سۆزی تامەزرۆییدا. ئەمەش وا دەکات دووریەکی جوانی لای خوێنەر دروست بێت و لە ڕوانگەی ئەو دوورییە جوانیناسانەیەوە بڕوانێتە دەقەکە و چاوەڕوانییەکانی لەسەر هەڵچنێ:

لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کەوا شینە لەسەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاسینە، یا شینە
شەهیدی غەمزەیە بەعزێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ دیارە: سەرنویشتی ئەهلی دڵ یا شینە یا سینە
لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن، خۆ لە خۆ گۆڕان لە دنیادا مەداری عەیش و خۆشی، خۆ نە ناسینە
بەسەر دڵدا لە قاپی فەیزەوە دێ نەشئە پەی دەرپەی چ غەمزەی دیدە مەخمووریکە ئەمشەو کون دەکا سینە
هەناسەم دا بە ناڵە عەرزی حاڵی کەم کە تاساوە لە خوێناوی دڵ و جەرگم دەروونم کەیلە تا سینە
لە عالەمدا عەلامەی سوبحی حەشر ئیمشەو بەیانی دا خودا عالم، لە چاکی ئەو بەرۆکە دەردەخا سینە
(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٢٦ - ٣٢٨)

بەڵام لە کۆتا بەیتا ئەم ڕوانگەیە دەگۆڕدرێت و ڕوانگەیەکی نوێ دەکرێت بە دیدگای تێکستەکە کە بە هۆیەوە ئاسۆی چاوەڕوانی پێچەوانە کردوەتەوە. ئیتر خوێنەر تێدەگا کە مەبەستەکە هەمووی عیشقی ئیلاهی و خۆبەستنەوەیە بە شۆڕە پەتی پێغمبەرەوە (د.خ):

مەلا تەلقینی (مەحوی) دانەدا، (حبل المتین)ـی ئەو لە جێگەی زەللە زەیلی ڕەئفی تاها و یاسینە
(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٢٨)

دووری ئێستاتیکی پەرە دەسێنێت و ئەبێتە مایەی بەدیهێنانی «ڕوانگەی گەڕۆك». ئەرکی ڕوانگەی گەڕۆکیش زیاتر خۆی لە کرداری پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردندا دەبینێتەوە لە نێوان دەق و وەرگردا. ئەم کارەش بە بەشداریکردنی وەرگر و ئەکیفبوونی وەرگرتن و چاك تێگەیشتنی ئاماژە دەقییە ڕێنیشاندەرەکان کە بەرچاو ڕوونکەرەوەی خوێنەرن دێتە دی (ئایزر،

د.ت: ٩٤). مەحوی لە تێکستە شیعرییەکانیدا هەڵدەستێت بە ئاوەژووکردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر و بەدیهێنانی ڕوانگەی گەڕۆك لە ڕێگەی قسەکردن لەسەر دەردی عەقڵ داخراوی و دیاریکردنی ڕەهەندە ترسناکەکانی لە چوارچێوەی ڕێڕەوێکی دەرهێنراو لە ڕێڕەوە ئاساییەکی خۆی. بە مەبەستی ئەوەی خوێنەر تووشی پیاکێشان و ناچاوەڕوانی ببێتەوە، هۆش و بیرکردنەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بە مەبەستی دەرباز بوون لەو عەقڵەی کە خاوەنەکەی دووچاری وابەستەیی بە دونیاپەرستی و خۆویستی دەکاتەوە. مەحوی پەنجەرە لەسەر دوو جەمسەر دەکاتەوە کە هەر دووکیان هیچن. ئەوانیش دونیا کە تەواو دەبێ بۆ کەس هەتاهەتا نامێنێ و کەسانی هیچی عەقڵ چەقبەستوون:

ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ     دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ
دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم     هیچ هەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕی لە هیچ
تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ     هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ
(مەحوی، ١٨٣٧: ١٣٢ - ١٣٣)

بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرباز بوون لەو جۆرە کورتبینییە و عەقڵ داخرانە، مەحوی کارایی مرۆڤ لە ناو دەقەکەدا بە خۆگرێدان بە هەر دوو دونیاوە دەبەستێتەوە. کارکردن لەسەر یەك کایە بە ڕەنج خەسارەت و مایە پووچی لە قەڵەم دەدا. پاش ئەم چوار بەیتە ڕوانگەی دەقەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، هیچیی دونیا و نەبوونی وەفا تێیایدا بە هەوڵدان بۆ ماچکردنی دەمی یار گرێ دەدا. لە کاتێکدا کە ئەو دەمی نییە و پێی دەڵی هەی دوای خەیاڵ کەوتووە! من دەمم کوا تا تۆ ماچی کەی؟ مرخ چۆن لە شتی نەبوو خۆش دەکرێ:

ماچی دەمی لە کەڵکەکەڵەما بوو، چ خۆشی وت:     قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ
دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار     دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ
مەجنوونە: شاهی عیشق و بیابانی بارەگا     ئاهی، دەکا هەمیشە بە پا چادرێ لە هیچ
دیققەت کە، غەیری ڕوشتەیی جان و میانی یار     ڕوشتەم نەدیوە (مەحوی) ئەمن، بادرێ لە هیچ
چاوی کەوێ بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر     کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ
(مەحوی، ١٨٣٧: ١٣٢ - ١٣٣)

هەمان شێواز لە قەسیدەی «بە داوە وەعزی»دا دەبینین، کە تێیایدا مەحوی بەیتی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی واعیز. کاتێك گەرم دەبێت و جۆش و خرۆش دەیگرێت و لیك بە دەم و لچ و لالەغاوەیدا دێتە خوارەوە، لە هەمان کاتیشدا وەعزەکەشی هەر فێڵ و کەڵەك و داوە دەینێتەوە بۆ خەڵك:

بە داوە وەعزی و، خۆشی بە تاوە یا حافیز     لە هەڵقوڵانە کە لیکی دەم و لچی واعیز
(مەحوی، ١٨٣٧: ١٧٤)

لەپاش ئەم بەیتی یەکەمە، دەقەکە پەنجەرەیەکی تری تێڕوانین بەرەو ڕووی وەرگر دەکاتەوە پەلکێشی دەکات بەرەو باسکردنی عەشقی دڵی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی و پەیداکردنی ئارامگەیەك بۆی. دیارترین قەسیدەیەك کە مەحوی بە کارایی و لێزانییەوە کاری لەگەڵ ئاوەژوو کردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر کردووە و دووری ئێستاتیکایی تێدا وەگەڕ خستووە و کاری وردی لەسەر «ڕوانگەی گەڕۆك» کردووە، بە مەبەستی گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ کات، قەسیدەی «ڕووتی دی لەو ڕۆژەوە»یە، کە پێکهاتووە لە ۲۱ بەیت؛ یانزە بەیتی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ دەرخستنی شۆخ و شەنگی یار و کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە:

ڕووتـی دی لـەو ڕۆژەوە، گـەر ڕۆژە سـەرگەردانە ڕۆژ    گەیبـە ئێـوارە وەکـوو مـن، ئیشـی قـوڕ پێوانـە ڕۆژ
ئـەم گلاراوەی لـە عیشقـە تـا قیامەت هـەر دەبێ    سـەد مەسیحـا چاری ناکـا، دەردی بێ دەرمانـە ڕۆژ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۷۸)

لەپاش بەیتی یانزەوە ڕوانگەی قەسیدەکە دەگۆڕێ بۆ قسەکردن لەسەر شەوڕۆیی پێغەمبەرمان (د.خ)، لە ڕێگەی دال و مەدلولی شەوەوە مەحوی دووانەی یەك بە دوا هاتووی شەو و ڕۆژ دەخاتە بەر تیشکی تێڕوانینی خواناسینی خۆیەوە و هاوکێشەکان پێچەوانە دەکاتەوە. چونکە بە هۆی شەوڕۆیی پێغەمبەرمانەوە (د.خ) شەو بوو بە سەروەر و ڕۆژ تەنها قوڕ پێوانی بۆ ماوەتەوە؛ چونکە ئەو شەرەفمەندییە نەبوو بە بەشی ئەو:

حەقیـە ڕۆژ و شـەو کـە بێ تـابی دەکا، وادەی ویسـاڵ    شەوبـوو، بێ بەش ما لە وەسڵی ئـەو سەراپـا جانـە ڕۆژ
شـەو چ شـەو لێ پشکواوی قەڕنەهـا سوبحـی ئومێـد    هـەر لـە دوێنـی یەکێ سوبحا بـە لەك پەنهانـە ڕۆژ
شـەو شـەوی میعراجـی شاهـی ئەنبیا بێ، وادەبێ    بیپەرستـێ، بەڵکی سوجدەی بـۆ ببـا هەر ئانـە ڕۆژ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۷۹)

مەحوی نایەکانگیری لە نێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕێیەتی کردووە بە ماکی دەقەکەی، پاشان ئەم تێڕوانینە پێچەوانە دەکاتەوە کە لە کات و شوێن بڕوانین وەك دووانەیەکی دابڕاو لە ژیان کردن و چالاکی نواندن.

## ۵- ئەنجام

مەحوی لە شیعرەکانیدا دنیابینییەکی تایبەت بە خۆی پێشکەش کردووە کە دەتوانین بە دنیابینیی مەحوی ناو بنێین. جگە لە بەرز و باڵایی دەربڕین، شیعرەکانی مەحوی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی دەستنیشان کردووە و بەرەنگار بوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی بە کلیلی چارەسەر داناوە بۆ کێشەکانی تاك و کۆمەڵگا. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە عیرفانی مەحوی، عیرفانێکی دوورە پەرێزی گۆشەگیر نییە، بەڵکو عیرفانێکی ئاوێتە بووە بە ژیان و چارەنووسی تاك و کۆمەڵگاوە. بەهۆی فرەڕەهەندی دەقە شیعرییەکانی مەحوییەوە، ناکرێت بە تەنها وەك کۆمەڵە

دەقێکی ئێستاتیکی لێی بڕوانین و دایانماڵین لە گوتار و پەیامە ڕاشکاو و پەنهانەکانیان. فرەرەهەندی و بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستوو لەلای مەحوی لە هەمان کار دەچێت لە لای ئیمام غەزالی، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی *تهافت الفلاسفة* و *المستظهري أو فضائح الباطنية* و *إحياء علوم الدين*. بە تایبەتی کتێبی *إحياء علوم الدين* کە نزیکەی سەد پەڕەی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ بەگژداچوونەوەی هەمان دیاردە. ئەم دوو زاتە پێش ڕوودانی کارەساتی دارِمان کۆمەڵگەکەیان ئاگادار کردووەتەوە لە کارەساتی دارِمانی عەقڵ و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی.

## سەرچاوەکان

### عەرەبی:

ئارون، بول و هاوكاران (١٤٩٩هـ/ ٢٠١٢م). *معجم المصطلحات الأدبية*. تصحيح محمد حمود. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر و التوزيع.

ئايزر، فولفغانغ (١٩٩٢). *فعل القراءة (نظرية جمالية التجاوب في الأدب)*. ت: حميد لحمداني و الجلالي الكدية. المغرب: الفاس.

ئيغلتن، تيري (١٩٩٢). *مقدمة في النظرية الأدبية*. ت: إبراهيم جاسم العلي، مراجعة عاصم اسماعيل الياس. بغداد: دارالشؤون الثقافية العامة.

باشلار، غاستون (١٩٨٨). *جدلية الزمن*. ت: خليل أحمد خليل. بيروت: ط٢، ديوان المطبوعات الجامعية - الجزائر

بيتر كونزمان، فرانز ـ بيتر بوركارد، فرانز فيدمان (٢٠٠١). *أطلس dtv الفلسفة مع 115 لوحة بيانية ملونة (اللوحات الملونة من إعداد أكسل فايس)*. ت: جورج كتورة. بيروت: المكتبة الشرقية.

تومبكنز، جين. ب (١٩٩٩). *نقد استجابة القارئ من الشكلانية إلى ما بعد البنيوية*. ت: حسن ناظم و علي حاكم. مراجعة و تقديم: محمد جواد حسن الموسوي. القاهره: المجلس الأعلى للثقافة.

حامد، خالدة (٢٠١٤). *عصر الهرمنيوطيقا أبحاث في التأويل*. بغداد: منشورات الجمل.

دريدا، جاك (٢٠١٦). تاريخ الكذب. ت: رشيد بازي. بيروت: المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ـ المغرب.

دورتيه، جان فرنسوا (١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م). *معجم العلوم الإنسانية*. ت: د. جورج كتورة. أبوظبي: ط٢، كلمة و مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

ربابعة، موسى (٢٠٠٠). *جماليات الأسلوب والتلقي*. أربد: مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية و النشر و التوزيع.

روبين، سوزان و سليمان كروسمان (٢٠٠٧). *إنجي القارئ في النص- مقالات في الجمهور والتأويل*. ت: د.حسن ناظم و علي حاكم صالح. بيروت و طرابلس: دارالكتاب الجديد المتحدة.

رينية، ويليك (٢٠٠٠). *الهجوم على الأدب*. ت: حنا عبود. دمشق.

سلدن، رامان (١٩٩٦). *النظرية الأدبية المعاصرة*. ت: سعيد الغانمي. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

سميث، شارولوت (١٩٩٨). موسوعة *علم الإنسان (المفاهيم والمصطلحات الأنثروبولوجية)*. ت: مجموعة من أساتذة علم الاجتماع بإشراف محمد *الجوهري*. القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة.

عبدالجبار، نبيل عبدالحميد (٢٠٠٣). *الفلسفة لمن يريد*. أربيل.

عليمات، ديسمبر (١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م). *بلاغة الانتظار بين التأويل والتلقي (علامات في النقد)*. م. يوسف محمد. السعودية: الجزء٤٦، المجلد١٢.

علوش، سعيد (١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م). *معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة*. بيروت: دارالكتاب اللبناني.

غادامير، هانز جورج (٢٠٠٧). *الحقيقة والمنهج (الخطوط الأساسية لتأويلية فلسفية)*. ت: حسن ناظم و علي حاكم صالح. راجعه عن الألمانية: جورج كتورة. طرابلس: دار أويا.

كارتر، ديفيد (٢٠١٠). *النظرية الأدبية*. ت: باسل السالمة. دمشق: دارالتكوين للتأليف و الترجمة و النشر.

كانط، عمانوئيل (٢٠١٣). *نقد العقل المحض*. ت: غانم هنا. بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

الكردي، محمدعلي (١٩٩٩). «ظاهرة التلقي في الادب». مجلة *علامات في النقد*، المجلد٨ ، الجزء٢.

كولر، هنس زند (٢٠١٢). *المثالية الألمانية*. تحرير الترجمة العربية: أبويعرب المرزوقي. ت: أبو يعرب المرزوقي و فتحي المسكيني و ناجي العونلي. بيروت: الشبكة العربية للأبحاث و النشر.

هولب، روبرت (١٤١٥ه/ ١٩٩٤م). *نظرية التلقي- مقدمة نقدية*. ت: عزالدين إسماعيل. النادي الثقافي الأدبي بجدة.

ياوس، هانس روبيرت (٢٠٠٤). جمالية *التلقي- من أجل تأويل جديد للنص الأدبي*. ت: رشيد بنحدو. القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.

**کوردی:**

کەمال، محەممەد (۲۰۱۷). *فەلسەفەی کانت*. سلیمانیە: چاپ و پەخشی سەردەم.

مەحوی، مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی (۱۳۸۷). *دیوانی مەحوی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کریم. سەرپەرشتی چاپی نوێ: عەتائوڵڵای حەواری نەسەب. سنە: بڵاوکەرەوەی کوردستان.

هایدیگەر، مارتن (۲۰۱۲). *بوون و کات*. وەرگێڕ: محەممەد کەمال. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.